چامپیەنز لیگ.. بەرشەلۆنە بە چوار گۆڵی بەبەرامبەر شکستی بە دەرتمەند هێنا



لە چامپیەنز لیگ بەرشەلۆنە بە چوار گۆڵی بەبەرامبەر شکستی بە دەرتمەند هێنا و پلەیکی گیاندە قۆناغی داهاتوو.

لە یاریی چوونی قۆناغی چارەکی کۆتایی چامپیەنز لیگ، بەرشەلۆنەی ئیسپانی لە یاریگای خێدا میوانداری بروسیا دەرتمەندی ئەڵمانی کرد.

تایمی یەکەم، لە سەرەتاوە بە هەرشبردن دەستیپێکرد و چەندین هەلی مەترسیداریان ڕەخساند، تا ئەو ساتەی لە یەکەک لەو هەرشانە رافینیا لە خولەکی 25 گۆڵی یەکەمی تەمارکرد، نیوەی یەکەمیش بەو ئەنجامە کۆتایی هات.

لە تایمی دووەم، تیپەکەی هانسی فلەک بە یەکجای باڵی کێشا بەسەر یاریگادا و سێ گۆڵی دیکەی لە خولەکەکانی 48 و 66 و 77 لە ڕێگەی دوو گۆڵی لیقاندۆفسکی و گۆڵکی لامین یامالەوە تەمارکرد.

سەرئەنجام بلاوگرانا یاریيەکەی بە چوار گۆڵی بەرامبەر بردەوە و هەنگاوێک لە قۆناغی داهاتوو نزیک بووەوە، یاریی داهاتووش لە یاریگای سیگناڵ ئیدونا پارک ئەنجام دەدرێت، کە تیایدا بە فەرمی براوەی بلیتی قۆناغی پێش کۆتایی ئاشکرا دەبێت.